**زانكۆ: سەلاحەددین/ هەولێر**

**كۆلێژ: پەروەردەی بنەڕەتی**

**بەش: باخچەی مندالآن**

**قۆناغ: یەكەم**

**كۆرسی : دووەم**

**بابەت: دەروونزانی گشتی**

**ناوی مامۆستا: م.ی.خیلان أبوبكر محمود**

**ساڵی خوێندن: ٢٠٢٣-٢٠٢٤**

# پەرتووكی كۆرس
# Course Book

| | |
|---|---|
| ١. ناوی كۆرس | دەروونزانی گشتی |
| ٢. ناوی مامۆستای بەرپرس | م.ی.خيلان أبوبكر محمود |
| ٣. بەش/ كۆلێژ | باخچەی مندالآن |
| ٤. پەيوەندی | ئیمێل:<br>khelan.mahmood@su.edu.krd |
| ٥. یەكەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیێك | ٣ كاتژمێر لە هەفتەیێكدا |
| ٦. ژمارە كاركردن | ٣كاتژمێر لە هەفتەیێكدا |
| ٧. كۆدی كۆرس | |
| ٨. پرۆفایلی مامۆستا | بە دەست هێنانی بڕوانامەی بەكالۆریۆس لەبەشی زانستی گشتی/ كۆلێژی پەروەردەی بنەرەتی/ زانكۆی سەلاحەددین سالی ٢٠٠٩ ، لە هەولێر ، لە سالی ٢٠١٥ بڕوانامەی ماستەرم بە دەست هێنا لە كۆلێژی پەروەردەی بنەرەتی لە (ڕێگاكانی وانە ووتنەوەی زانستی گشتی ، ئێستا وەكو وانبێژ وانە دەلێمەوە. |
| ٩. وشە سەرەكیەكان | دەروونزانی، ، ڕەفتار ، پالنەر، فێربوون، ، جیاوازی تاكایەتی، كەسایەتی، نەخۆشیە دەروونیەكان. |

## ١٠. ناوەرۆكی گشتی كۆرس:

دەروونزانی گشتی ئامانجی ئەوەیە بابەتەكانی دەروونزانی بەشێوەیەكی گشتی بە فێرخوازان بناسێنێت و لە زانستە مرۆڤایەتیەكانی تر جیای بكاتەوە، لەهەمان كاتدا پەیوەندی ئەم زانستە بەزانستەكانی تری وەك زانستی كۆمەڵناسی و پەروەردەو تاوانكاری و زانستەكانی تر بخاتە ڕوو.

وەلە خوێندنی دەروونزانی گشتیدا دەتوانرێت فێرخواز بەو یاسایانە ئاشنا بكرێت كە فەرماندارن بەسەر لایەنی دەروونی مرۆڤدا لەگەڵ چۆنیەتی كۆنترۆڵكردنی ئەو یاسایانەو ئاراستەكردنی تاك و یارمەتیدانی بۆ بەسەربردنی ژیانێكی بەختەوەر لەو كۆمەڵگایەی كە تێیدا دەژی. هەروەها بۆ تێگەیشتن لەو یاساو ڕێسایانەی كە فەرماندارن بەسەر بابەتەكانی ژیانی مرۆڤدا وەكو: هەستەوەرەكان، وروژێنەرو وەلامدەرەوەكان ، فێربوون، یادەوەری، پالنەرەكان، هەڵچوونەكان، جیاوازی تاكایەتی، ئەو بابەتانەی پەیوەستن بە ژیانی دەروونی مرۆڤەوە.

## ١١- ئامانجەكانی كۆرسەكە

بەسەرنجدان بۆ داهاتووی دەرچووانی گشت بەشەكان لەكۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، ئەوە ڕووندەبێتەوە كە پیشەیان دەبێتە مامۆستایەتی كردن، جا چ بەشێوەی (هەمیشەیی بێت یاخود گرێبەست) دەبێت لە قوتابخانە بنەڕەتییەكاندا، هەریەك بەپێی پسپۆریی وتنەوەی بابەتی خۆی.

کەواتە مامۆستا بۆ نزیکبوونەوە لەئامانجەکانی کۆرسەکە، ئەم هەنگاوانە هەڵەگرێت:

١- ئاشناکردنی چەمکی دەروونزانی بە قوتابییان بە شێوەیەکی بەرچاو و خوازراو.

٢- شیکردنەوەی چەمکی زانستی دەروونزانی بۆ قوتابییان، بۆ سوودی ئێستای خۆی و ئایندەی قوتابییان.

**١٢. ئەرکەکانی قوتابی**

پێویستە قوتابی لە چالاکیی و بەشداری نێو پۆل لەتێکڕای ساڵی خوێندن، کە ئەمانە لەخۆدەگرێت: (ئامادەبوون و پابەندبوون، سمیناری ماوە کورت سەبارەت بەچەمکێکی تایبەت لەنێو بەرنامەی داواکراو ، خوێندنەوەی پەرتووکی پەیوەست بەبابەتەکەو نمایشکردنی پوختەیەکی لەماوەی (٥) خولەکدا لەپۆل ، ئامادەیی بۆ تاقیکردنەوەی ماوە کورت و لەناکاو، بەشداری لە راڤەی بابەتەکە لە نێو پۆلدا)

**١٣. ڕێگەی وانە ووتنەوە**

١. ڕێگای ئامادەکاریی (طريقة المحاضرة)

٢. ڕێگای پرسیار و وڵام (طريقة الإستجواب)

٣. ڕێگای گفتوگۆ (طريقة المناقشة)

٤. ڕێگەی ڕێژنەی هزری، (کاراکردنی قوتابی لە بیرکردنەوە لە ڕوی ئاسۆیی و ستوونی).

٥. پێڕەویکردن لەڕێگەی بەگرووپ فێرکردن، بەڕەچاوکردنی شوێن و بابەت

**١٤. سیستەمی هەڵسەنگاندن**

**یەکەم: لە (٤٠٪)ی نمرەکان، تایبەتە بە کۆششی ساڵانەی قوتابی، کە بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش دەبن:**

١. لە ٣٠٪ تاقیکردنەوەی وەرزی

٢. لە ١٠٪ چالاکی و سمینارو کویز

٣. لە ٥٪ چالاکیی و بەشداری نێو پۆل لەتێکڕای ساڵی خوێندن، کە ئەمانە لەخۆدەگرێت: (ئامادەبوون و پابەندبوون، سمیناری ماوە کورت سەبارەت بەچەمکێکی تایبەت لەنێو بەرنامەی داواکراو ، خوێندنەوەی پەرتووکی پەیوەست بەباتەکەو نمایشکردنی پوختەیەکی لەماوەی (٥) خولەکدا لەپۆل ، ئامادەیی بۆ تاقیکردنەوەی ماوە کورت و لەناکاو، بەشداری لە راڤەی بابەتەکە لە نێو پۆلدا)، ٥٪ کویز لە بابەتی خوێندراو .

**دووەم: لە (٦٠٪)ی نمرەکان، تایبەتە بە تاقیکردنەوەی ناوەندی کۆتایی ساڵ، کە کاتی دیاریکردن و دەستپێکردنی لەکاتی خۆی دیاری دەکرێت.**

**١٥. دەرئەنجامەکانی فێربوون**

خوێنکاری بەڕێز..

وەرگرتنی ئەم کۆرسە بەتەواوی لەلایەن بەڕێزتانەوە، بەو مەرجەی ئامادەیی و پابەندیی تەواوت هەبێت لەگەڵیدا، هەروەها بەسەرنجەوە بەشداری تێدا بکەیت و بەدواداچوونت هەبێت بۆ سەرچاوەکانی، ئەوا بەدڵنیاییەوە لەچەند لایەنێکەوە گەشە دەکەیت، کە بریتین لەم لایەن و بوارانەی ژیانت:

١- لایەنی مەعریفی: ئەم کۆرسە زانیاری و چەمك و زاراوەیەکی زۆرت پێ ئاشنا دەکات سەبارەت بە چەمکە دەروونزانییەکان و بنەماکانی دەروونزانیی کە پێویستییەکی سەرەکیی پیشەی مامۆستایەتیکردنن لە وانەوتنەوەدا.

٢- لایەنی دەروونی: تەواوکردنی ئەم کۆرسە هێزێکی دەروونی باشە بۆ متمانەبەخۆبوون، ئامادەیی ویژدانی و شەیدایی بۆ کارکردن لە پیشەی مامۆستایەتیی. ئەمەش بە هۆی ڕەچەشکێنی بەربەستەکانی وەك ترس و شەرم لەکاتی گفتوگۆ و پێشکەشکردنی بابەت.

٣- بواری کۆمەلأیەتی: ئەم کۆرسە فێری هونەری مامەڵەکردن لەگەڵ جیاوازییەکانت دەکات. هەروەها هانت دەدات کە کارلێکی ئەرێن و گونجانی تەندروست بکەیت لەگەڵ ئەو شوێن و ناوەندەی کە تێیدا دەست بەکاردەبیت.

٤- هەلی کار: بەتەواوکردنی ئەم کۆرسە قوتابی ئامادەیی ئەوەی بۆ دروست دەبێت کەوا لەهەر شوێنێك هەلی کار هەبێت نزیك لەتایبەتمەندییەکەی، ئەم لێی سوودمەند بێت و بتوانێت سەرکەوتن بەدەست بهێنێت.

## ١٦. لیستی سەرچاوە

سەرچاوە بنەڕەتییەکان:


١.عزالدین أحمد عزیز: بنەماکانی دەروونزانی گشتی، ڕۆژهەلات، چاپی شەشەم، هەولێر، هەرێمی کوردستان، ٢٠١٧.

٢.کریم شەریف قەرەچەتانی: سایکۆلۆژیای گشتی، حاجی هاشم، چاپی دووەم، هەولێر، هەرێمی کوردستان، ٢٠٠٧.

٣.پێشڕەو خەڵەف سەعید: دەروونزانی گشتی، سلێمانی،چاپی یەکەم، ٢٠١٧.

سەرچاوە سوودبەخشەکان

٤.علم النفس العام : د.صالح حسن الداهري ،د.وهيب مجيد الكبيسي،الاردن ،١٩٩٩.

٥.محاضرات في طرق البحث العلمي :د.موفق الحمداني ،بغداد ،١٩٨٤.

٦.مبادئ أساسية في علم النفس . الهنداوي، علي، والزغول، عماد (٢٠٠٢). دار حنين .

٧.المدخل إلى علم النفس .عماد الهنداوي ، دار الكتاب الجامعي . الإمارات العربية المتحدة.


| ١٧. بابەتەکان | ناوی مامۆستای وانەبێژ |
|---|---|
| **بابەتەکان :**<br><br>**هەفتەی (١):** مێژوو و پێشکەوتنی دەروونزانی، پێناسەی دەروونزانی، ئامانجەکانی دەروونزانی، گرنگی و بوارەکانی دەروونزانی (لقەکانی دەروونزانی)، پەیوەندیی دەروونزانی بە زانستەکانی دیکەوە.<br><br>**هەفتەی (٢):** قوتابخانەکانی دەروونزانی: قوتابخانەی بونیادگەرایی، قوتابخانەی مرۆیی ، قوتابخانەی گشتاڵت، ڕەفتارگەرایی، شیکردنەوەی دەروونی.<br><br>**هەفتەی (٣):** میتۆدەکانی توێژینەوە لە دەروونزانی، سوودەکانی بوونی چەند میتۆدی زانستی، جۆرەکانی میتۆدی زانستی( میتۆدی تێرمانی، میتۆدی بەدواداڕۆیشتن، میتودی تێبینی کردن، میتۆدی کلینیکی، میتۆدی لێکۆڵینەوە لە حاڵەتێک)<br><br>**هەفتەی (٤):** هەستەوەرەکان، دەروازەی هەستکردن، گرنگی پرۆسەی هەستکردن، جۆری هەستەوەرەکان | م.ی.خیلان أبوبکر محمود |

| | |
|---|---|
| **هەفتەی (٥):** ئاگایی و درکپێکردنی هەستەیی، گرنگی بەئاگایی ودرکپیکردنی هەستی ،جورەکانی بەئاگایی، هۆکارەکانی بە ئاگایی . هۆکارەکانی پەرتەوازەیی ئاگایی ، یاساکانی ڕێکخستنی درك پێکردنی هەستی،هەڵە لە درککردن<br><br>**هەفتەی (٦):** چەمکی پاڵنەرو پێداویستی و جۆرەکانی پاڵنەر(پاڵنەری ئەندامی و پاڵنەری کۆمەڵایەتی )<br><br>**هەفتەی (٧):** چەمکی ڕەفتارو جۆرەکانی ڕەفتار،لایەنەکانی ڕەفتار،تایبەتمەندیەکانی ڕەفتار.<br><br>**هەفتەی (٨):** هەڵچوون:هەڵچوون وئەرکەکانی، پێوانەکردنی هەڵچوونەکان، پەیوەندی نێوان هەڵچوون و پاڵنەر، هەڵچوون و سۆز، جیاوازی نێوان هەڵچوون و سۆز<br><br>**هەفتەی (٩):** زیرەکی عەقڵی یان زیرەکی هەڵچوونی، پەیوەندی نێوان هەڵچوون وپاڵنەر ، هەڵچوون ونەخۆشیە دەروونیەکان.<br><br>**هەفتەی (١٠):** تیۆرەکانی هەلچوون: (تیۆری جیمس لانج)، (تیۆری کانون-بارد)، (تیۆری شاشتر)، (تیۆری لۆدۆ)<br><br>**هەفتەی(١١):** بیرهاتنەوە، جۆرەکانی بیر، بیری هەستی(الذاکرة الحسية) ، بیری کورت خایەن (الذاکرة قصيرة المدى)، بیری درێژخایەن( الذاکرة طويلة المدى) . هۆکارەکانی کاریگەر لە سەر بیرهاتنەومان<br><br>**هەفتەی (١٢):** بیرچوونەوە وهۆکارەکانی، سودەکانی بیرچوونەوە، دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکان دەربارەی (بیرهاتنەوە وبیرچوونەوە<br><br>**هەفتەی (١٣):** دروستی دەروونی چی یە ،گرنگترین ئاماژەکانی دروستی دەروونی چین .<br>**هەفتەی (١٤):** خۆ-گونجاندن ،جۆرەکانی گونجاندن .هۆکارەبنەڕەتیەکانی گونجاندن .<br>**هەفتەی (١٥):** **تاقیکردنەوەی کۆتایی کورس** | |
| ١٨. بابەتی پراکتیک (ئەگەر هەبێت)،<br>لێکۆڵینەوە لە ئاریشەو گرفتە دەروونیەکان چارەسەرکردنیان بەشێوەیەك بەپێی بنەماکانی زانستی دەروونزانی گشتی. بۆ ئەم مەبەستەش قوتابییان لەگرووپی (٣-٥) کەسیدا کارەکانیان ئەنجام دەدەن | |
| **نییمە** | |
| ١٩. تاقیکردنەوەکان<br>١. دارشتن: بۆ نموونە: لەپێناو بەرجەستنبوونی کارامیی دارشتن و پرسیاری وتاریدا، دەکرێت هەندێك جار بەم شێوەیە پرسیار بێتەوە:<br>(بەدەبرینێکی ئەدەبیانەی زانستی ڕوونی بکەرەوە "ڕێگاکانی تاقیکردنەوە بۆ؟" | |

| |
|---|
| ٢. **راست وچەوت**: ئەمە ڕوونە و ڕوونکردنەوەی ناوێت.<br>٣. **بژاردەی زۆر**: ئەمە ڕوونە و ڕوونکردنەوەی ناوێت. |
| ٢٠. **تێبینی:**<br>**٢-قوتابییان دەتوانن نزيك لە سەرچاوە دياريكراوەكانی نێو ئەم كۆرس بووكە، لەچوارچێوەی كۆرس بووكەكە دەربچن و بەدواداچوونی زياتر بكەن بۆ بابەتەكە، هەروەها دەتوانن لەسەرچاوەی ترەوە باس لەو شتانەە بكەن كە من باسم كردوون..**<br>**٢-تێبینی : گەر پێويستی كرد لە هەر كاتێك گۆڕانكاری تێدا دەكرێت .** |
| ٢١. **پێداچوونەوەی هاوەڵ:**<br>**پ .ی .د. سلوى احمد امين** **ئيمزا**.................................... |